Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# تەقینەوەکانی بەردەم هوتێلەکان پلانی ئەمنیی بەغدا دەخەنە ژێر گومانەوە

**Author:** Khalid al-Ansary

چەند تەقینەوەیەکی هاوکات لە بەغدا مەترسیی ئەوەی دروستکردووە کە ڕەنگە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا تەقینەوەی زیاتر ڕوو بدات.
.

ئەو زنجیرە تەقینەوەیە لە ٢٥ی کانوونی دووەم لەبەردەم سێ هوتێلی دیاری بەغدا ڕوویاندا کە خەڵکی بیانی و بەرپرسانی حکومەتی عێراق ئەچنە ئەوێ و لە ئەنجامی ئەو هێرشانەشدا بەلایەنی کەمەوە ٣٦ کەس کوژران. گرووپی بەناو دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقی سەر بە قاعیدە بەرپرسیارێتی خۆی لەو هێرشانەدا ڕاگەیاند.

ڕۆژی دواتر، ئۆتۆمبیلێکی تر لەبەردەم فەرمانگەی دادی پزیشکی کە کەتۆتە ناوڕاستی بەغدا و سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، تەقینەوە. بەپێی سەرچاوەیەکی وەزارەتی ناوخۆی عێراق کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، لە تەقینەوەکەدا ١٧ گیانیان لەدەست داوە و ٨٠ی تریش بریندار بوون.

ئەو تەقینەوانە ئارامیی ڕێژەیی چەند هەفتەی ڕابردووی بەغدایان هەژاند و پرسیاریان لەسەر توانای هێزەکانی عێراق بۆ دابینکردنی هێمنی لە ماوەی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق دروست کردووە کە بڕیارە لە ٧ی ئازار لە سەرتاسەری وڵات بەڕێوە بچێت.

"پێشتر گومانمان لە توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق هەبوو، بەڵام ئێستا هیچ گومان نییە لەوەی ئەوان لێنەهاتوون،" فیراس حوسێن حەمودی، تەمەنی ٢٨ ساڵە و قوتابی زانکۆیە لە بەغدا، وتی. قسەکانی حەمودی بۆچوونی زۆرێك لە دانیشتووانی بەغدایە.

ماڵی حەمودی لە هوتێلی حەمڕا نزیکە کە یەکێك بوو لەو هوتێلانەی بەر هێرشەکان کەوتن. ماڵی ناوبراو بەهۆی تەقینەوەکەوە زیانی زۆری بەرکەوتووە و دوای ئەوەش بێ ماڵ و حاڵ مانەوە.

"حکومەت ناتوانێ ئاسایشمان بۆ دابین بکات کە سەرەتاییترین پێداویستییە،" حەمودی وتی.

ماوەی هەڵبژاردنی داهاتوو بە تاقیکردنەوەیەکی گرنگ دادنرێت بۆ هێزە ئەمنییەکانی عێراق. دابینکردنی ئاسایش لە ماوەی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق بەشێوەیەکی سەرەکی ئەرکی ئەو هێزانەیە و یەکەم جاریش لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کە لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ بەڕێوەچوو ئەرکی پاراستنی ئاسایش لە ماوەی هەڵبژاردندا بەو هێزانە سپێردرا.

بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ٧ی ئازار بەهێمنی واتە هێزەکانی عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر پێویستیان بە هێزەکانی ئەمریکا نابێت کە بڕیارە تا کۆتایی ٢٠١١ لە عێراقدا بکشێنەوە.

سەرەتای ئەم مانگە، حکومەتی عێراق دەستی بە پلانێکی نوێ کرد بۆ دابینکردنی هێمنی لە ماوەی هەڵبژاردن و بەپرسانی سوپا و پۆلیسیش ئەو پلانەیان بە شتێکی نوێ ناوبردووە بۆ دوورخستنەوەی بەغدا لە توندوتیژی. بەرپرسانی ئاسایش دەڵێن ئەو پلانە کە لە ١٢ی کانوونی دووەم چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە پێکهاتووە لە چالاکی هەواڵگریی فراوان و هاوکاریی نزیك لەنێوان دام و دەزگاکان لە ئاستی جیاوازدا.

بە دوابەدوای ئەم هێرشانە بەرپرسان بڕیان داوە بەو پلانەدا بچنەوەIWPR گوتەبێژی چالاکییە سەربازییەکانی بەغدا قاسم عەتا بە ی ڕاگەیاند کە.

"بەڵام ئەوەشی وت کە "پێشبینی دەکەین قاعیدە بتوانێ لە ئێستا و لە داهاتووشدا هێرش ئەنجام بدات.

عەتا وتی هەواڵگریی عێراقی "دووپاتیکردۆتەوە هەندێ لە شانە نووستووەکانی قاعیدە دەیانەوێ هێرشی خۆکوژی ئەنجام بدەن وەك هەوڵێك بۆ پەکخستنی هەڵبژاردن تا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا متمانەی خۆی لەدەست بدات".

گوتەبێژی پلانی ئەمنی بەغدا تەحسین شێخلی ڕایگەیاند "تیرۆرستان هەوڵدەدەن لەڕێی تێکدانی بارودۆخی ئەمنی کار لە بڕیاری دەنگدەران بکەن".

"بەغدایان کردۆتە ئامانجی خۆیان چونکە پایتەختە و هەموو لایەك لەناوەوە و دەرەوەی عێراقیش گرنگی بە ڕووداوەکانی دەدەن."

"ماوەی پێش هەڵبژاردن زۆر گرنگە چونکە دوژمن دەتوانێ بیقۆزێتەوە و کار لە بڕیاری دەنگدەران بکات. خراپبوونی ڕەوشی ئەمنی لەو ماوەیەدا دەنگدەران هەرەتە دەکات و زیان بە پرۆسەی دیموکراسیش دەگەیەنێت."

ئەو هێرشانە کە کرانە سەر هوتێلی حەمرا و هوتێلی شیراتۆن و هوتێلی بابل و هەمووشیان بە پاسەوان و دیواری کۆنکریتی دەورە درابوون، چوارەم زنجیرە تەقینەوە بوون کە لەوەتەی مانگی ئەیلوولەوە باڵەخانەی زۆر تۆکەمە لەڕووی ئەمنییەوە دەکەنە ئامانج. تەقینەوەکانی پێشووتر بەشێوەیەکی سەرەکی لەدژی دام و دەزگاکانی حکومەت ئەنجام دران و نزیکەی ٤٠٠ کوژراویشیان لێکەوتەوە.

بەرپرسانی ئەمنی داوایان کردووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی یاخیبوواندا چالاکییە هەواڵگرییەکان چڕتر بکرێنەوە.

گوتەبێژی وەزارەتی بەرگری عێراق لیوا محەمەد عەسکەری ڕایگەیاندووە چەند چالاکییەك کە لە چوارچێوەی پلانە ئەمنییەکەی بەغدا جێبەجێکراون سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، لەوانەش پووچەڵکردنەوەی ژمارەیەك ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو لە ١١ی کانوونی دووەم کە دەستگیرکردنی ٢٥ کەسی لێکەوتۆتەوە و بەو هۆیەشەوە ٤٠٠ کیلۆگرام تەقەمەنیی بەهێز و دینامیت دەستی بەسەرداگیراوە.

بەڵام ئیبراهیم سومەیلی، شیکەرەوەیەکی سیاسییە لە بەغدا، وتی هێرشەکانی ئەم هەفتەیە "سەلماندیان توانای ئاژانسەکانی هەواڵگریی عێراق لە پووچەڵکردنەوەی هێرشدا لاوازە... قاعیدە تەکنەلۆجیای زۆر پێشکەوتوو بەکاردەهێنێت و توانای هەواڵگریشی بەرزە و درزی تێناکەوێت".

عەتا وتی عێراق هەوڵدەدات چالاکییە هەواگرییەکانی فراوان بکات و هانی هاوڵاتیانیشی دا هێزەکانی ئاسایش لەهەر جموجۆڵێکی گوماناوی ئاگادار بکەنەوە.

"پاڵپشتیی هاوڵاتیان زۆر گرنگترە لە ئامێری دۆزینەوەی بۆمب و چالاکیی سەربازەکان،" عەتا وتی. "پاڵشتیی هاوڵاتیان گرنگترین فاکتەری سەرکەوتنی هێزە ئەمنییەکانە."

بەڵام دوابەدوای تەقینەوەکانی ئەم دواییە، هەندێ لە دانیشتووانی زیانلێکەوتووی بەغدا وتیان ناتوانن بەر بە تیرۆرستان بگرن.

خانووەکەی دایکی موهەنەد، ژنی ماڵەوەیە و تەمەنی ٤٥ ساڵە و ڕەتیکردەوە ناوی تەواوی خۆی بدات، تەنها ٢٠ مەتر لە هوتێلی حەمڕاوە دوورە. ئەو وتی "زۆر دەترسین چونکە تیرۆرستان تەنانەت لەناو ماڵی خۆشمان دەستیان پێمان دەگات. پێویستە دەسەڵاتداران کۆتایی بەم ڕەوشە ترسناکە بهێنن. تاکەی بەدەست ترس و تیرۆرەوە بناڵێنین؟"

"شەوی تەقینەوەکەمان لەسەرمادا بەسەر برد. پەنجەرەکانمان هیچیان نەماون، پارچە شووشە بەهەموو ماڵەکەدا بڵاوبۆتەوە. چیمان کردووە؟ چ تاوانێکمان کردووە؟"

عەبیر محەمەد لە بەغداوە IWPR ن لە بەغدا. موحەریری ناوخۆیی پێشکەوتوویIWPR خالید ئەنساری و عەلی کەریم دوو ڕۆژنامەنووسی ڕاهێنراوی بەشداری لە نووسینی ئەم ڕاپۆرتەدا کردووە.

**Location:** Iraqi Kurdistan
Iraq

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D8%AA%D9%87%E2%80%8C%D9%82%DB%8C%D9%86%D9%87%E2%80%8C%D9%88%D9%87%E2%80%8C%D9%83%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D9%85-%D9%87%D9%88%D8%AA%DB%8E%D9%84%D9%87%E2%80%8C%D9%83%D8%A7%D9%86-%D9%BE%D9%84%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D8%A6%D9%87%E2%80%8C%D9%85%D9%86%DB%8C%DB%8C-%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D8%BA%D8%AF%D8%A7%E2%80%8C-%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D8%AE%D9%87%E2%80%8C%D9%86%D9%87%E2%80%8C-%DA%98%DB%8E%D8%B1-%DA%AF%D9%88%D9%85%D8%A7%D9%86%D9%87%E2%80%8C%D9%88%D9%87%E2%80%8C